کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20-8-2007 18:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## با راستیەکان وەک خۆی بگێڕینەوە ... خەبات نەوزاد قەرەچەتانی

لە ژمارە 286 ڕۆژنامەی میدیادا 2007/4/24 لە لاپەڕە 11 دا. لە چاوپێکەوتنێکی بەڕێز حاکم قادردا بڵاوکراوە تەوە کە باس لە خەبات و هەستی شۆرش گێڕی خۆی و بنەماڵەکەیان ئەکات. لە گەڵ ئەو پەڕی ڕێزو حورمەتمان بۆخەبات و ماندووبونی خۆی و بنەماڵەکەی بەڵام راسیتیەکان چەواشە کراوە، ئەوەی ئێمە ئەمانەوێ قسەی لە سەر بکەین تەنها بەشێکی کەمی ئەو چاوپێکەوتنە یە کە ڕۆڵی کەسی یەکەم وونکراوە لە تەسلیم کردنی مەخفەرەکەی دوکاندا.



حاکم قادر بۆ جاری دووهەمە بەشانازیەوە باس لە تەسلیم کردنی مەخفەرەکەی دوکان دەکات لە لایەن باوکیەوە جارێکیان بۆ هەڵبژاردنی شارەوانیەکان ئەوکاتە بێدەنگیمان لێکرد لە بەر ئەوەی زیان بە پاڵێوراوی (ی. ن. ك) نەگەیەنێت بەڵام بە دووبارە کردنەوەی لەم چاو پێکەوتنەی میدیادا و وونکردنەوەی ڕۆڵی کەسی یەکەم، ناچاربووم بێمە گۆ و ڕاستیەکان بخەمە بەر چاوی کۆمەڵانی خەڵك.

بە بەڕێز حاکم قادر ئەڵێم باوکی ڕەحمەتیت ڕۆڵێکی زۆر بچوکی هەبوو لە تەسلیم کردنی مەخفەرەکەی دوکاندا تەنها ڕۆڵی باوکت بەبێ تەقە تەسلیم بوو، لە بەرامبەر ئەوەشدا دوو دەمانچەی بە هەدییە وەرگرتووە.

ڕۆڵی کەسی یەکەم کە مەخفەرەکی تەسلیم کردووە بەسەرپەرشتی و دەوری سەرەکی شەهید (حمەی حاجی ئەمین) قەرەچەتانی بووە بە شاهیدی چەندین کەس کە تا ئێستا لە ژیاندا ماوون. وە ئامەدەن ڕاسیەکان وەك خۆی بگێڕنەوە.

07/08/07

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.